# Karikater


# کاریکاتێر


**No.12** — **ژمارە.١٢**

بلاّوكراوەیەكی كاریكاتێریی سیاسی و كۆمەلاّیەتیە — یەنایەر 2004


**لەم ژمارەیەدا:**

**لیستی تازەی**
**ناوی مەلەفدارەكان**
**بخوێنەرەوە !**




**Religion independent of power is a step to secularism**

**لەسایەی حكوومەتی مەلەفدارانداا:**

**چارەنووسی كاوە و شێخ مەحموود**

**بەكوێ دەگات؟ ....لا6**





**سەدام دەستگیركرا**

**بەلاّم هێشتا بەعس بەرەلاّیە!**









ئەرکی لە چاپدانی ئەم ژمارەیە لە کوردستان ، بنار مستەفا باهر گرتویەتیە ئەستۆ

سوپاسی هاوڕێی بەرێز ئاودێر عەلی دەکەین بۆ کۆمەکەکەی

# مەلەفدارەکان.. خۆتان بە خۆتان بن!




پێناسکردنی خاوەن مەلەفەکان، کارێکی هەروا ئاسان نیە، بۆ ئەوەی بتوانین خەباتی کورت و درێژیان هەڵسەنگێنین؛ وا باشترە هەڤاڵی حیزبی ئەو مەلەفدارانە نەبیت، یاخود ئەگەر ئەندامیت لە حیزبەکەی هەڤاڵ مەلەفدا ئەوا بە خێرایی تیشك ئیستیقالەیەکی موحتەرەم بدەیت!

فایلدارەکان، لە بری ئەوەی مشکی و جامانە تێکەڵ بکەن، جامانەوە بێری بە داڵەوە تێکەڵ دەکەن..سنگی چەپیان میدالیای ئازایەتی سەرۆکەکە عروبەی پیاهەڵواسراوە، بەلای ڕاستیشدا: نەخشەیەکی پان و پۆڕی کوردستانە؛ کە تیایدا لە بستێکی خۆشنەبوون، تەنانەت محەمەڕە و عەبادان و بەشی ئاسیای ئەستەمبوڵ و ڕەسافەی بەغدادیشی لە ناودایە!

ئەو پاڵەوانانەی گەل و میللەت، هەمیشە تاکێ پۆستاڵ و تاکێ کڵاشیان لە پێدایە، قاتیشاڵ و جلیکەتافەداریش؛ قاتێکی زەیتوونی ڕەفیق حیزبی لە ژێردایە.

فایلدارەکان: وەکو کەری ناو جۆگە وابوون جاران لە هەر دوو بەریان دەخوارد، بەڵام پاش وشك بوونی بەریئەوبەر؛ ملیان بەرەو ئەمدیو وەرگەڕان!

فایلدارەکان: هەمیشە خاوەنی دوو گیرفانن، بەڵام کەس نازانێت کامیان لە کامیان گەورەترە؛ ئەوەی کوردستانیان یاخود ئەوەی هەندەرانیان.

مەلەفدارەکان: جێگەی ڕێزن لای بەعسیەکان، لای ئەمریکا و هەڵگرسێنەری شۆڕشی کۆن و تازەی گەلەکەمان!

مەلەفدارەکان: ئەو بێدەستەڵاتانەن؛ لەلبکەیت؛ لەلت دەبڕن.. سەربەرزبکەیتەوە سەرت دەبڕن..سووکە ئیمزایەکی بەعست هەبووبێت گوێچکەکانت وەك سەگ ئەبڕن !

مەلەفدارەکان: ئەو خزمەتەی بۆ بەعس کردیان لای کورد! بۆیان نووسراوە، بە پێچەوانەوە؛ ئەوەشی کردیان بۆ کورد! لای بەعس بۆیان نووسراوە، مەسرەفەکەش لە هەردوولا بە زیاددەوە وەرگیراوە!

مەلەفدارەکان: پاڵەوانی سەنگەرێکن، جگە لە خۆیان سەدان ڕۆڵەی خەڵکی تیاکوژراوە؛ سەرووەریەکەش هەر بەتەنیا بە بەژنی ئەوان بڕاوە!

لای مەلەفدارەکان، خەڵکی هەموو فایلدارن؛ تەنیا ئەوان خۆیان نەبێت کە دڵسۆزی گەل و نیشتمانن!

هیچ سەیرنیە! مەلەفدارەکان، لەو وڵاتەی بە سوورەتی دوەزەخ تەنراوە؛ بە ئاسانی بەرەو بەهەشت، دوای خوێندنی سوورەتێکی ئایەتەلکورسی؛ بە پاسپۆرت و فیزەیەکی بەعس لە سنوور بپەڕنەوە!

باش بوو مەلەفدارەکان، پێش ئەوەی مەلەفەکانیان وەك تەپەتۆر سەر ئاو بکەوێت؛ بەرفیشەکێکی وێل نەکەوتن، یاخود جەلدەی دڵ نەیگرتن! دەنا ئێستا شەقامەکانی شار ناوی پیرۆزی ئەوان بوو، فولکەکاکانی شاریش پڕ هەیکەلی نوقمی ئاسمانی ئەوان بوو!

هیچ سەیر نیە! کە مەلەفدارەکان لای حیزبەکانیان، موحتەرم و موحتەشەمن، بەڵام بیگومانبن کە ڕووڕەشێکی کۆتایی سەددەی بیست و سەرەتای بیست و یەکن!

# ناوی هەندێك لە مەلەفدارە کوردپەروەرەکان! ,...

1 مەلەف گەلاڵی

2 مەلەف ئاگرین

3 مەلەفی حاجی مەلەف

4 مەلەف چاومەلەف

5 مەلەفە ڕەش

6 عەبدولمەف مەلەفکانی

7 مەلەف مەلەفپیرە

8 حەمە حاجی مەلەف

9 مەلەف ئەڵمانی

10 دکتۆر مەلەف

11 مەلەف عەبدولمەف

12 مەلەفەدین مەلەف

13 ئیماندار مەلەفدار

14 ئەبومەلەف

15 مەلەفیمەلەف غالی


16 مەلەف عەسکەری

17 مەلەڤی مەلەف ئاغای سورچی

18 دوکتۆر مەلا مەلەف قەرەداغی

19 مەلەف کوردی

... و درێژەی هەیە .







# مناڵە خۆشەویستەکان ئێوەش مەلەفدارەکان بناسن!







سەرنووسەر: سەردار عبدالله
دەستەی نووسەران:
ڕیناس عارف
شوکاك عبالستار
بەڕیوەبەری بڵاوکردنەوە: بنار مستەفا باهیر




# سەدام
# لە نێوان دوێنێ و
# ئەمڕۆی خۆیدا








## چەند سزایەك بۆ سەدام حسێن لە ڕاپڕسیەكدا:

### گەر بە دەستی من بوایە!

- ☻ گەر بەدەستی من بوایە: سەدامم بكردایە بە كۆنترۆلێكی تەلەڤیزیۆن و لە ماڵێكی منداڵدار دامبنایە!
- ☻ گەر بە دەستی من بوایە: سەدامم هەر بە فیراریەكەی خۆی بەجێهێشتایە!
- ☻ گەر بە دەسستی من بوایە: سەدامم بكردایەتە پەرلەمان و گومرگ ئینجا لە بەر دەستی یەكێتی و پارتی دامبنایە!
- ☻ گەر بە دەسستی من بوایە: سەدامم بە سەر و ڕیشەكەیەوە بەرەڵای كوڵان و شەقامەكان بكردایە!
- ☻ گەر بە دەسستی من بوایە: ئەو نۆت شوجاعانەی سەدام داویتی بە داروودەستەكەی هەموویانم بە یەكجار بە خۆیدا هەڵبواسیایە!
- ☻ گەر بە دەسستی من بوایە:سەدامم دەكردە ئوتومبیلیكی علوج و دەمایە دەستی گەنجێكی بێ ئیجازە!
- ☻ گەر بە دەسستی من بوایە: ڕووباری دیجلەم نەك لە باری پانی بەڵكو لە باری درێژی بە سەدام دەبڕی!
- ☻ گەر بە دەسستی من بوایە: ڕۆژی دوو ژەم خواردن لە ڕۆن و برنجی بایەعیەكەم بە سەدام بدایە!

## شەقامەکانی شار ئیتر پێویستیان بە کاوەی ئاسنگەر و شێخ مەحمود نەماوە!



کاوەی ئاسنگەر، پاش ئەوەی پەیکەرەکەیان لە سلیمانی لابرد؛ خەمێکی قوڵ دایگرتووە و لەو ڕۆژەوە فرمێسک بە خوڕ دەبارێنێت؛ چونکە تاکو ئێستا تۆمەتەکەیان بۆ ساغ نەکردۆتەوە، بەڵام دەڵێن: هەندێ قسەی سەرچاوە خەبەریەکانی بەرگوێ کەوتۆتەوە کە "گوایە گومانی ئەوەی لێدەکەن کە بە درۆ خۆی کردووە بە کورد و تاکو ئێستا کڵاوی لەسەری خەڵکی نابێت، یاخود هەندێك کەین و بەینی لە گەڵ تالیبان و قاعیدەدا هەبووبێت، لەوانەیشە مەلەففی گیرابێت!" بەڵام ئەم ڕۆژڕەشیەی کە بەسەر کاوە هات لەولاوە لەبەر دەرکی سەرای شێخ مەحمودی بە تەواوی سەغڵەت کردوە و شەو و ڕۆژ خەو ناچێتە چاوی و خەنجەری لە کێلاندایە، "چونکە کاوەی فەقیر هیچی نەکردبوو وا بەو دەردەیان برد"، ئەمێك کە ساڵانێکی زۆر دژی ئیستیعمار و ئینگلیز چەکی هەڵگرتبوو دەبێت چی پێبکەن؟ ئەڵێن: هەر مارێنزێك بە لایدا تێپەڕ دەبێت ئەم پەلاماری خەنجەرەکەی دەدات هەر بۆ چاوترساندن؛ دەنا دەزانێت کاتی خەنجەر وەشاندنیش نەماوە و یەکێتی و پارتیش دیفاعی لێناکەن، ئەو لەوە دەترسێت وەك کاوەی دۆستی تورەکەیەك بکەن بەسەریدا و ونی بکەن و لە بری ئەو موشیری حەمەی سڵێمان دابنێن لە جێگەکەی،چونکە کاتی خۆی موشیرخیانەتی لەو کرد و چووە پاڵ ئینگلیزەکان.

## گەر بەدەست ئەوان بوایە!

وەك ئاشکرایە، هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی عێراق لە پرۆسێسێکی دیموقراتیدا درایە دەست حروفی ئەبجەدی لە بری ئەوەی بدرێتە دەست خەڵکی! هەربۆیە گەر بەدەست پارتی بوایە؛ حروفی ئەبجەدی بە پێچەوانەوە واتە لە دواوی دواوە بخوێنرایەتەوە. گەر بەدەست یەکێتیش بوایە لە حەرفی جیمدا فەرتەناش بکرایەوە، باقی حەرفەکانی تر دێلیت بکرایە.

## بانێکەو چەند هەوا؟

مەلای مزگەوتی.... لە سلێمانی سواری سەیارەی علوج نابێت، ئەڵێت: " حەرامە" کەچی هەموو ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتەکەی ( وەزارەتی ئەوقاف) علوجی ئەسڵن. لەولاشەوە مەلایەکی دەستەڵاتداری ئەوقافی هەولێر شازی علوجیلەژێردایە!

